National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## راپۆرتێك لەبارەی:

# رۆڵی حکومەت
# لەبرەودان بە هونەر لە گەرمیان



# بەشی یەکەم: راپۆرت

## پێشەکی

ئەگەرچی چالاکی هونەریی لە سنوری گەرمیاندا چەندین ساڵە هەیە، بەڵام خودی هونەرمەندان تێبینیان لەسەر کارایی ئەم کەرتە هەیە، بەتایبەت لەسەر رۆڵی حکومەت لە برەودان بەم کەرتە و هەروەها بونی روئیا و ستراتیژ لەوبارەیەوە، بەگشتی گەشبین نین.

هونەرمەندان لەبارەی ئاستی هونەر لە گەرمیان رایان وایە لە هەندێک بەشیدا ئاستی باشەو لە هەندێکیدا لە لێواری مەرگیدایە.

لە سنورەکە ٣٠ گروپی هونەری هەیە بەمشێوەیە دابەشبون بەسەر قەزاو ناحیەکان کەلار(١٣) تیپ، کفری (٨) تیپ، خانەقین (٧) تیپ و باوەنور(٢) تیپ.

لەم راپۆرتەدا ئەوە رون دەکەینەوە کە رۆڵی حکومەتی خۆجێی و ئەو بەرێوبەرایەتی و فەرمانگانەی پەیوەستن بە رۆشنبیری و هونەرەوە لە برەودان بەم کەرتە چی بوە؟ گرفتەکان چین و دەکرێت چی بکرێت؟ چ لایەنێک کەم تەرخەم بوە؟

بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەک رای خودی هونەرمەندان وەرگیراوە، لەلایەکی دیکەشەوە رای حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارە فەرمیەکان وەرگیراون.

## یەکەم: کێشەکانی بواری هونەری نواندن (شانۆ و سینەما)

### ١. ئاستی هونەری نواندن

بەگشتی هونەرمەندان لە بواری نواندن دا نیگەرانن لە ئاستی هونەریی.

ئەکتەر و دەهێنەری شانۆیی: شوان جەلال، لەوبارەوە دەڵێت: «وەک توانا و تاقەتی داهێنان، ئاستی سەرەتاییمان هەیە».

دەشڵێت: «لە بواری هونەری لە پاشەکشەدایین نەوەک بەرەوپێشچون، بەهۆی حزب و فەرمانبەری کەمتەرخەمی دەزگا پەیوەندیدارەکان».

لە رویەکی دیکەوە محەمەد تەنیا، شانۆکار لە قەزای کفری، پێیوایە هونەری شانۆ نەوەک لە گەرمیان، بەڵکو لە هەمو کوردستان ئاستی باش نیە.

گەرمیان خاوەنی شەش فیلمی سینەمایە، (کۆشکی مێرولەکان، گەڕانەوە، شایەتەکە، بڕیار، کوردبون)، لەوژمارەیە پێنجیان کورتە فیلمە و یەکیان ماوە درێژ. کورتە فیلمی (کۆشکی مێرولەکان)، لەسەر ئاستی کوردستان و جیهان خاوەنی ٢٤ خەڵاتە.

سەربەست ئەحمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان دەڵێت: لە ئێستادا لە ئامادەکردنی دو کورتە فیلمی دیکەین، بەڵام فیلمی سینەمایی تێچوی زۆرە و بەنسبەت گەرمیانیشەوە کارەکە تازەیە.

لە بارەی ئاستی هونەری نواندن لە گەرمیان وتی: «هەرێمی کوردستان بەتەواوی لە دۆخێکی ناجێگیرە، شپرزە و نائارامە، هەربۆیە هونەر و سینەماش بێبەش نەبون لەو دۆخە».

محەمەد سابیر، ٢٥ ساڵە لەبواری نواندن دەرهێنانی شانۆ کاردەکات، سەبارەت بە فیلم لە گەرمیان وتی: چەندین بەرهەمی کورتە فیلممان هەیە کە کاردانەوەی باشی هەبوە لەسەر ئاستی کوردستان.

«لە بواری هونەری لە پاشەکشەداین نەوەک بەرەوپێشچون، بەهۆی حزب و فەرمانبەری کەمتەرخەمی دەزگا پەیوەندیدارەکان»

### ٢. گرفتی هۆڵ

هۆڵە هونەریەکان و لەنێویاندا هۆڵی شانۆ و سینەما کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، بەڵام ئەکتەر و هونەرمەندانی نواندن نیگەرانن لەبارەی ئەو هۆڵانەی کە هەن.

«هۆڵێک نیە بەدەستمانەوە کە بەردەوام پرۆڤەی تێدا بکەین»، محەمەد سابیر، ئەمە بە گرفتی سەرەکی دەژمێرێت.

ئەو هۆڵەی لە قەزای کفریە بە وتەی شانۆکاران و هونەرمەندان کەڵکی بۆ کارەکانیان نیە.

محەمەد تەنیا، ئەکتەر، لەو بارەیەوە وتی: «ئەو هۆڵە دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی هەشتاکان زۆر کۆنە روناکی تیانیە و گرفتی دەنگیشی هەیە».

لە گەرمیان هۆڵی هونەر لە کەلار بە گوژمی ٨٧٩ ملیۆن دینار دروستکراوە و لەلایەن کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کوردەوە خاوەنداریەتی دەکرێت.

سەربەست ئەحمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی و بەرپرسی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان دەڵێت: هۆڵەکە ٨٠٪ بۆکاری هونەری و نمایشکردنی فیلمی سینەمایی گونجاوە، بۆ خاتری هونەرەکانی دیکە ١٠٠٪ بە کوالێتی تایبەت بە سینەما دروستمان نەکردوە.

وتیشی: هۆڵەکانی دیکە لە قەزاکانی کەلار و کفری و خانەقین و ناحیەی رزگارین، بەڵام ئەوانە تایبەتمەندی هۆڵی هونەریان نیە وەک ئەوەی کە ئەبێت هەبێت.

# دووەم: کێشەکانی بواری هونەری موزیک

## ١. ئاستی هونەری موزیک

گەرمیان بە مەقامات و سۆزێکی تایبەت ئاوازێکی دیاری هەیە، بەڵام نەخاوەنی تیپێکی گشتگیرە و نە ستۆدیۆیەکی هونەری و نە ژێرخانێکی گۆرانی و موزیک.

موزیکزان و هونەرمەندانی ناوچەکە حکومەت بە بێباک دەزانن و ئاستی گۆرانیش بەزۆر لاواز دەبینین و دەڵێن: "ئەوەی حکومەت لە گەرمیان دەیکات چاخانەیەک و کافێیەکیش دەتوانێت بیکات!". بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیریش دەڵێت: ئەوەندەی لە تواناماان بوە درێخیمان نەکردوە، بەڵام گرفتی نەبونی بوجە ئەمەی دروستکردوە.

"دەیان گەنجی بەهرەمەند و دەنگخۆش لەم ناوچەیە هەیە، بەشێوەیەک گوێم لە دەنگی وابوە تائێستا رەنگە گوێبیسی نەبوبین لە هونەری کوردی، کەچی ئەوەندە قەدری هونەری نیە و ئاستی لاوازە دەستگرۆیی نیە، هەمو ئەو دەنگانە بە زایح دەچن". گۆرانیبێژ: عوسمان میروەیس، وادەڵێت.

باس لەوەشدەکات: چەند ساڵە گەرمیان بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەی رۆشنبیری هەیە، کەچی کۆنسرێتێکی بۆ رێکنەخراوە. "لەدوای راپەڕینەوە هونەر لە گەرمیان بەرەوپێشەوەچو، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا ئاستی دابەزیوە". گۆرانیبێژ و موزیکزان: مەحمود شێخ وەهاب، وای وت.

هۆکارەکەشی بەپلەی یەکەم دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو عەقڵیەتە حوکمرانیەی لێرە هەیە، لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری، پاشان بەشێکی زۆریش دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەندان. دەشڵێت: ئەمە تەنها لە گەرمیان نیە بەگشتی لە کوردستان هاوشێوەیە.



دیمەنێک لە کلیپێکی عوسمان میروەیس لەگەڵ گروپی لوڕ لە سلێمانی

## ٢. نەبونی ستۆدیۆی موزیک

لە گەرمیان دا هیچ ستۆدیۆیەکی بە کوالێتی تێدانیە کە بەرهەمێکی موزیکیی تێدا تۆماربکرێت، هونەرمەندان بۆ تۆمارکردنی گۆرانیەک دەبێت بچنە دەرەوەی سنورەکە، گروپەکانی موزیک بەهەمانشێوە، ئەمەش کاری ئەوانی چەند هێندە قورس کردوە. وەک خۆیان دەڵێن: «حکومەت بیری لەم کێشەیە نەکردوەتەوە». رۆشنبیری گەرمیانیش دەڵێت: «مەرج نیە ئاگەداری هەمو گرفتەکان بین دەبێت بێنەلامان و بۆ ئەوەی ئێمەش کێشەکە بگەیەنینە سەروی خۆمان».

بابان ئیبراهیم، موزیکژەن، دەڵێت: «تاوەکو ئیستا حکومەت لێرە بیری لە ستۆدیۆ نەکردوەتەوە، چۆن بکرێت موزیک بەرەوپێشببرێت؟!». ئەمە گرێدەداتەوە بەوەی کە بەرهەمە نوێکان مۆرکی ئاوازی کوردیان پێیوە نیە، وتی: «چونکە ژێرخانێکی ئاواز و موزیکی کوردیمان نیە کە تۆمارکرابێت و ببێتە قوتابخانەیەک بەنمونە ئەو سۆز و مەقاماتانەی گەرمیان ئەگەر ئێستا ئەرشیف نەکرێن نەوەی دواتر چۆن بزانێت شتێکی لەو شێوەیە هەبوە».

مەحمود شێخ وەهاب، گۆرانبێژ، هەمان رای هەیە و دەڵێت: من حەڤدە گۆرانیم هەیە زۆربەی زۆری لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆمارکراوە.

وەکخۆی دەڵێت: لێرە تیپێکی مۆسیقای بەهێز نیە، ستۆدیۆیەکی گەورەشمان نیە، لە ئاستی مۆسیقا زۆر لاوازین، نە میهرەجانی موسیقی هەیە نە خولی موسیقی.

لە بەرامبەردا بەڕێوبەری رۆشنبیری گەرمیان ئاماژە بەوەدەکات ئەوان ئیشەکانیان بەپێی داواکاری و هونەرمەندانە.

ئاکۆ یوسف، وتی: «هەر گۆرانیبێژێک یان موزیکزانێک ئەو کێشەیەی هەیە بابێن داواکاری بکەن بۆ ئەوەی ئێمەش داوا لەسەروی خۆمان بکەین وەکچۆن بۆ هۆڵی هونەر ئەوەمانکرد، بۆئەوەی ببێتە ئەمری واقیع و بتوانین ستۆدیۆیەکی باش لە گەرمیان ئامادە بکەین».

وتیشی: «مەرج نیە هەر وەزارەتی رۆشبیری ئەوە بکات، ئێمە ئیدارەی گەرمیان و رێکخراوەکانیش هەندێکجار سپۆنسەری کارەکانمان دەکەن».

### ٣. موزیک لە گەرمیان ئاوازی مەرگی دەژەنێت

موزیکزانان و گۆرانیبێژان و ئەو کەسانەی پەیوەندیدارن بە بابەتەکەوە، جەختدەکەنەوە لەوەی موزیک لە گەرمیان لەناوچون نزیکە.
”ئەوەندە کەسی شارەزا دروستنەکراوە لە بوارەکە، یەک مامۆستای موسیقی نیە پشتی پێببەستین، ئەوانەشی دەرچوی پەیمانگاکەی کفرین ناتوانن وانە بڵێنەوە، دەکرێت حکومەت لە دەرەوە پسپۆڕی موزیک بهێنێت یان لە شارەکانی دیکە“. ئەمە قسەکانی نەبەز حەمید، بەڕێوبەری سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلارە، کە پرۆژەیەکی ڕێکخراوی مناڵپارێزی کوردستانە لەساڵی ٢٠٠٢ەوە لە شاری کەلار دامەزراوە و هەر لەو ساڵەوە بەشە هونەرییەکانی موزیک و شێوەکاری تێیدا کراوەتەوە.
لە بارەی هاوکاری بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری بۆ گروپەکانی موزیک لە سەنتەرەکەیان وتی: جگە لە دەستخۆشی هیچی دیکەی نەبوە و بۆ هیچ پلان و پرسێک نەهاتون.
”ئەرکی بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری و پەیمانگای هونەرەجوانەکان، دانانی بناغەی موزیکە نەوەک هەندێک چالاکی کە چاخانەو کافێیەکیش دەتوانێت ئەو کارە بکات، لە بواری موزیک تائێستا نەیانتوانیەوە بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان هەستن و بناغەیەکی بۆ دابنێن، ئەگەر دیراسەیەکی هونەرەجوانەکانی خانەقین و کفری بکەین دەگەین بەو ڕاستیەی ئەمانە بەس ناون ئەگەر وانیە کوا کادرە موزیکیەکانیان؟ لەوێ هێشتا پسپۆڕی ئالەتە جیاجیاکانی موزیکی نیە وەک پەیمانگای شارەکانی دیکە هەتا ئەمەشی نەبێت نابێت دڵی پێخۆشبکەین“. بابان ئیبراهیم ئەمە دەڵێت.
وتیشی: ”هیچ بەڕێوبەرێکی ڕۆشنبیری، موزیکی لە بەرنامەدا نەبوە“.
لە قەزای کفری پەیمانگای هونەر جوانەکان بەشی موزیکی هەیە، بەڕێوبەرەکەی دەڵێت: ”بۆ ماوەی پێنج ساڵە فێرخواز وەرنەگیراوە و پلان هەبوە دابخرێت هێندە گرفتی زۆرە“.
داود محەمەد، زیاتر لەبارەیەوە دوا و وتی: بەشی موزیک لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە ساڵی ڕابردوەوە دوای پێنج ساڵ وەرنەگرتنی خوێندکار دوبارە لە قۆناغی یەکەمەوە خوێندکاری وەرگرت، بەهۆی نەبونی پسپۆڕیە جیاجیاکان و پێدوایستیەکان مامۆستاکانی داوای داخستنیان کرد، چونکە لە قۆناغی دودا خوێندکارەکان پسپۆڕی ئالەتەکان وەردەگرن ئێمە مامۆستای پسپۆڕیەکانمان زۆر کەمە.

### ٤. گەرمیان بێ تیپێکی گشتگیری موزیکە

لەسەر ئاستی گەرمیان تیپێکی پرۆفیشناڵی گشتگیری موزیک نیە، هاوکات چەندین ئامێری موزیک هەیە تاوەکو ئێستا لە گەرمیان شارەزا و ژەنیاری نیە.
بابان ئیبراهیم، دەرچوی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیە و لە ساڵی ٢٠٠٢ دەستی بە ژەنین کردوە، هاوکات دامەزرێنەری گروپی سۆزی گەرمیان بوە. ئەو نیگەرانە لە بارودۆخی موزیک لە گەرمیان وای دەبینێت ئەگەر پلانیکی تۆکمەی بۆدانەنرێت ئەوەشی هەیە ون دەبێت «گەرمیان لەڕوی ئەکادیمیای موزیکەوە زۆرخراپە، ئێمە دوای چەندین ساڵ لە دروستکردنی گروپی جیاجیا و گەنجی بەهرەمەند، بەڕێوبەرایەتیەکەی حکومەت و ناوەندە ئەکادیمیەکەی گەرمیان نەیانتوانیەوە ئۆرکسترایەک دروستبکەن!، ئەمە جێگەی تێرامانێکی گەورەیە».
بە پێی قسەی شارەزایانی بوارەکە ئەرکی حکومەتە بناغەی موزیک لەناوچەکە دابنێت نەوەک هەندێک چالاکی کە دەیکات.
بابان ئیبراهیم، دەڵێت: «لەبری حکومەت، سەنتەری گەنجان لە کەلار موزیکزان پێدەگەیەنێت، عەیبەیەکی گەورەیە میوانێک دێت لەدەرەوەی گەرمیان بەوشێوەیە لە فیستیڤاڵەکان ئاستی موزیکی گەرمیان دەبینێت».
بەگشتی ئەو گروپە موزیکیانەی لە گەرمیان دروست دەبن کاتین و دوای چەند ساڵێک کارکردن دەوەستن.
سۆراخ ساڵح، ماوەی پێنج مانگە پرۆڤە لەسەر ئامێری ساز دەکات، پێیوایە گەرمیان پێویستی بەچەند سەنتەرێکی تایبەت بە موزیکە بۆ ئەوەی جوڵەیەک بکەوێتە ئاستی موزیک، چونکە بەڕای ئەو بەتەواوی پشتگوێخراوە.
ئەو نەچوتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان، بەڵکو لەسەنتەری گەنجانی کەلار کە ناحکومیە، ڕۆژانە پرۆڤە دەکات. دەشڵێت: گروپە موزیکیەکان لەچاو پشتگوێخستنەکەیان توانیویانە بۆشاییەکی بچوک پڕ بکەنەوە.

## سێیەم: کێشەکانی بواری هونەری شێوەکاری

### ١. ئاستی هونەری شێوەکاری

شێوەکاران جەختدەکەنەوە ئاستی هونەری شێوەکاری لە گەرمیان باشە، بەڵام هاوکارییەکان لاوازن.
سەردار حەمید، شێوەکار، ڕای وایە ”شێوەکاری لە ئاستێکی پێشکەوتو دایە، ئەو جوڵە هونەریەی لەکەلار هەیە بۆ جوڵاندنی عەقڵی خەڵکی لە هیچ شارێکی دیکەی کوردستان نیە، وەک لە پێشەنگای شێوەکاریەکەی زانکۆ بینیمان“.
هاوکات بەڕێوبەری ڕێکخراوی ڕەنگ بەهەمان شێوە جەخت دەکاتەوە ئاستی هونەری شێوەکاری بەرەوپێشچونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و هیچ ڕێگریەک بۆ بەرەوپێش چونیان نیە.
دەرباز مەجید، بەڕێوبەری ڕێکخراوی ڕەنگ لە قەزای کفری، باسی لەوەکرد: چەندان گروپ و ڕێکخراو هەن لە بواری شێوەکاری کار دەکەن.
وتیشی: هیچ ئاستەنگێکی وا نابینم کە ڕێگر بێت لەبەرەوپێشچۆنی هونەری شێوەکاری“.
ڕایوایە پەیمانگای هونەرە جوانەکان کاریگەری باشی هەبوە لەم بوارەو دەڵێت: ”پەیمانگای هونەرە جوانەکانی قەزای خانەقین و کفری وایکردوە کۆمەڵێک هونەرمەندی باش لێرە دروستببێت“.

### ٢. هۆڵەکانی شێوەکاری بنەماکانی هۆڵی نمایشی تێدانیە

«چوار ساڵە تابلۆی مۆنالیزام بەشێوەیەکی جیاواز کێشاوەتەوە کە لە حەوت هەزار خانە پێکدێت، تائێستا نمایشم نەکردوە، لەبەرنەبونی هۆڵێکی تایبەت، چونکە هۆڵەکانی ئێرە جوانی و ناوازەیی تابلۆکان دەکوژێت». شێوەکار سەردار حەمید، وادەڵێت.
هۆڵی پێشەنگای شێوەکاری و پەیکەر و سیرامیک چەندین تایبەتمەندی هەیە، لەوانە: ئینارە، دیزاین، روبەر، رەفە، بۆ هۆڵی پێشەنگا دەبێت ستون و ئینارە و رەفە هەبێت.
ئاکۆ یوسف، بەڕێوبەری رۆشنبیری و هونەری گەرمیان، لە باری ئەمەوە وتی: ئێستا لەناو بینای رۆشنبیری هۆڵێکمان دابینکردوە بۆ شێوەکاران، هۆڵێک بۆ ئیشەکانیان و نمایشکردنی کارەکانیان، بۆ ئێستا هەرئەوەندەمان لە تواناندایە.
ئەمە لە کاتێکدایە بەڕێوبەرایەتی هەندێک لە پێشەنگاکانی بردوەتە سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار، بە وتەی شێوەکار سەردار حەمید، کە ئەو هۆڵەش تایبەتمەندی هۆڵی شێوەکاری نیە.
لە قەزای کفری شارەوانی پارچە زەویەک بۆ دروستکردنی گەلەری تەرخان دەکات.
دەرباز مەجید، بەڕێوبەری رێکخراوی رەنگ لەمبارەیەوە وتی: وەک رێکخراوی رەنگ بۆ گەشەپێدان و رۆشنبیری و گروپی کیژانی شێوەکاری کفری لە لایەن شارەوانی کفریەوە پارچەیەک زەوی دابین کراوە بۆ دروستکردنی گەلەرییەکی مودێرن لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بەکارەکانی دەکەین، گەلەری شێوەکاری کفری، پێشانگای ساڵانەی تێدا نمایش دەکرێت، گرنگیەکەشی رونە چیتر هونەرمەندان ماندونابن بە گەڕان بەدوای شوێنێک بۆ نمایش و فرۆشتنی کارەکانیان.

### ٣. رۆڵی بەڕێوبەرایەتی گشتی بۆ هونەری شێوەکاری

شێوەکاران رۆڵی بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیری بە پێویست نابینن بۆ بوارەکە.
شێوەکار: جیلان مەجید، لە ئێستاشدا کاری میکیاژی سینەماییش دەکات، لە بارەی هاوکارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان بۆ هونەرمەندانی بوارەکە دەڵێت: تاوەکو ئێستا شتێکی ئەو تۆیان نەکردوە نە بۆ شێوەکارە گەنجەکان و نەبۆ بە ئەزمونەکانیش.
ئەو پێشیوایە بەڕێوبەرایەتیەکە نەبوەتە پاڵپشتی هونەرمەندان لە کاتی هاتنە پێشی روداوێک هەم بە مادی و هەم بە مەعنەویش کاتێک کە کۆمەڵگا روبەڕوی هونەرمەندان دەبێتەوە.
شێوەکار سەردار حەمید، هەمان رای هەیەو دەڵێت: لە جێگەی چاوەڕوانی ئێمە نیە.
پێداویستیە شێوەکارییەکان بەردەست نیە لە کەلار ئەمەش شێوەکارانی ناچارکردوە بۆ دەستخستنی بچنە شارەکانی دیکە، لە قەزای کفریش بەهۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکان تاڕادەیەک پێداویستیەکان باشترە، بەڵام بە گشتی کەرەستەو پێداویستی شێوەکاران لە گەرمیان بەردەست نیەو لایەنی پەیوەندیداریش هاوکار نەبوە بۆ هونەرەمەندانی بوارەکە.
جیلان مەجید، دەڵێت: گرفتی ئەوەمان هەیە هەندێ لە کەرەستەکانمان لە کەلار دەستناکەون، ئەبێ بچین بۆ سلێمانی بیانکڕین. ئەوەش بۆ ئێمەی کچان قورس دەکەوێت، زۆرجار ناچار دەبین بە شێوەکارەکانی هاوکارمان بڵێین بۆمان بکڕن.

# چوارەم: پاڵپشتیە داراییەکانی حکومەت بۆ هونەر

### ١. هونەرمەندان شەرم دەکەن لەوبڕە هاوکاریەی دەکرێن

هونەرمەندان ئاماژە بەوەدەکەن ئەو پارەیەی بەڕێوبەرایەتی دابین دەکات بۆ کارەکانیان، بەبێڕیزی دەزانن، بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیریش دەڵێت: «هەر ئەوەندەمان لە توانا دایە».
محەمەد سابیر، باسی لەوەکرد هەر بەرهەمێک بتەوێت باشبێت و لە ئاستی ئەوەبێت پێی بڵێت کارێک کراوە، بەلای کەمەوە ٣ بۆ چوار ملیۆنی دەوێت، کاری شانۆیمان هەیە ٣ مانگ پرۆڤەی بۆ دەکەین، بۆ لە شارێکی دیکە ١٠ بۆ ٦٠ ملیۆن بۆ کارێکی شانۆی خەرج دەکرێت و بەمانگ بەردەوام نمایش دەکرێت بۆ لە گەرمیان وابێت؟
وتیشی: ئێمە دەچینە رۆشبیری دەڵێت ٢٠٠ هەزار باشە ئەی قەینا ٢٥٠ هەزار باشە. وتی: «ئەمە مامەڵەیەکی بێڕێزیە بە هونەر، لە بەڕێوبەرایەتی ئەوەی تێدەگات لە هونەر لەگەڵ رێزمدا کەمترە لە پەنجەکانی دەست».
ساڵی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٦ بڕیاری خەرجکردنی سێ ئەلبومی گۆرانی بۆ سێ گۆرانیبێژی گەرمیان دەرچو. عوسمان میروەیس، ئاماژە بەوە دەکات ئەوکات دو ئەلبومی دراوە بە دو گۆرانیبێژی دەرەوەی گەرمیان و یەکیان بۆ ئەو بوە، پارەکەش دراوە بە گروپی لوڕ، بەڵام کارەکەیان بە دڵی ئەو نەبوە و نەیویستوە بە کاڵ وکرچی بەرهەمەکان بڵاوبکاتەوە.
دەشڵێت: وەک دەرۆزەکردن دەبێت روبنێین بە سەرمایەدار و بەرپرسانەوە، هەندێکیان هەروەڵامیان نەبوە کە لە شوێنان دەیان بینم شەرم دەکەم، چونکە من پارەکەم بۆ موزیکزان و ستافی دەنگ و ستۆدیۆکە بوە و حەزمکردوە بەرهەمێک بڵاوبکەمەوە.
محمەد تەنیا، شانۆکار، ئاماژە بەوە دەکات: پێش قەیران نزیکەی ملیۆن و نیوێکیان بۆ خەرجکراوە بۆ گروپی شانۆی شار، بەڵام ئێستا کاری هونەری دەبێت «سواڵی» بۆ بکرێت.
پێشیوایە ناحەقی بەرامبەر شانۆ باشەکان دەکرێت و لەبەرامبەردا هەندێک شانۆ کە لەئاستی نزمە، خەرجیەکی زۆری بۆ بەهەدەر دەدرێت. وتی: ئەرکی بەرێوبەرایەتی رۆشنبیریە فلتەر بۆ کارە باش و خراپەکان دابنێت، هەندێک کار شایەنی نمایش نین.
بەڕێوبەری رۆشنبیری هونەری گەرمیانیش دەڵێت: هیچ شانۆیەکمان نیە خەرجی زۆربێ، ئەوەشی چەند ملیۆنێکی تێچوبێت ئەوانەن کە ستافیان لەدەرەوە هێناوە، هەمانە بە ٣٠٠ هەزار بەڕێوەچوە، لاوازە یان نە ئەوە خۆیان بەرپرسن.
وەک هونەرمەندان ئاماژەی بۆ دەکەن، لە ساڵی ٢٠١٤ەوە ئەو مینحەیەی کە بۆ هونەرمەندان خەرج دەکرا وەستاوە.

## ٢. هونەرمەندان: دەبێت بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری سواڵی بودجە بکات

لەبەرامبەر نەبونی هیچ بودجەیەکی تایبەت بە گەرمیان، هونەرمەندان دەڵێن: ئەمە ناچاری کردون ئەوان بۆ کارێکی هونەری داوا لە سەرمایەدار و ڕێکخراوەکان بکەن، لە کاتێکدا دەبێت ڕۆشبیری ئەو ئەرکە بکێشێت.
«قەیران بەخراپی ڕۆشنبیری و هونەری گرتوەتەوە، فیستڤاڵێک لە سلێمانی دەکرێت بە ٤٠ ملیۆن، کەچی بەڕێوبەرایەتی ئێرە بێدەنگە، ئەو دەبێت بگەڕێت و هەرچۆنێک بوە پارە بۆ بەڕێوبەرایەتی هونەرمەندانی خۆی کۆبکاتەوە، ئەوە ئەرکی ئەوە». سەردار حەمید، شێوەکار ئەمە دەڵێت.
وتیشی: چەندینجار کۆی هونەرمەندان چوینەتە بەڕێوبەرایەتی بۆ کاری هونەری، بەڵام بە بەردەوامی جۆرێک لە بیانویان هەیە کە دەڵێن پارە و بودجە نیە و هیچمان پێناکرێت، بەڵام ئەوان دەبێت بدەن لە هەمو دەرگاکان تاوەکو حەقی گەرمیان وەردەگرن.

## ٣. گەرمیان بودجەی کاری هونەریی نیە

بەڕێوبەری گشتی ڕۆشبیری و هونەری گەرمیان ئاشکرای دەکات کەهیچ بودجەیەکی تایبەتیان نیە و بە فەرمانی وەزیر پارە لەبودجەی پایەتەختی ڕۆشنبیری سلێمانی بۆ چەند چالاکیەکیان دابینکراوە.
ئاکۆ یوسف، وتی: «هیچ بودجەیەکی تایبەتمان نیە، تەنها نەسرییەکی کەمی مانگانە هەیە بۆ پێداویستی و پەڕاوگە و چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەلەکان، بەڵام هونەرمەندان لێرە ڕۆحی خۆبەخشیان هەیە و دەیانەوێت پەیامەکەیان بگات و زۆر چالاکیان بێبەرامبەر کردوە».
بەڕێوبەرایەتیەکانی ڕۆشبیری لە پارێزگاکان و ئیدارەکان بودجەی جۆراوجۆریان هەیە، بەنمونە بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی بودجەی تایبەتی پایەتەختی ڕۆشنبیری هەیە لە دەهۆک ساڵانە بودجەی فیستیڤاڵی فیلمی سینەمایی هەبوە.
لەبەرامبەر بێبەشبونی گەرمیان، ئاکۆ یوسف، هێمای بەوەکرد: «گەرمیان لەوە زوڵمی لێکراوە و پرسیارمان کردوە وتیان ئەوەی دهۆک لە ڕێگەی پارێزگاوە پارەکەیان بۆ خەرجکراوە، بەڵام هەندێک لە بەڕێوبەرایەتیەکان بودجەی جۆراوجۆریان هەیە گەرمیان نیەتی، ئێمە بێدەنگ نەبوین و بە شێوازی زارەکی و نوسراویش گەیاندومانە بە وەزارەت، هەندێکجار ئەنجامی نەبوە هەندێکجاریش هەیبوە، بەنمونە دیداری هونەری گەرمیان وەزیر بەشێکی لە بودجەی پایەتەختی ڕۆشنبیری تەرخان کرد بۆ ئەو دیدارە و بۆ چالاکی دیکەی وەکو وەرزی شانۆ و فیلمەکان و دیداری ئەدەبی».
مانگانە بودجەی بۆ هەمو فەرمانگە و سەنتەرو بەڕێوبەرایەتیەکانی ڕۆشنبیری و هونەری لە سنوری گەرمیان (١١٢٥٠٠٠) ملیۆنێک و سەد و بیست و پێنج دینارە، کە ژمارەیان ١٢ بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەو سەنتەرە.
ئاسۆ داود، بەڕێوبەری ژمێریاری بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان، لە بارەی لیستی خەرجی و داهات و تێچویی چالاکیەکان وتی: خەرجکردنی بودجە لەلای ئێمە تۆمارنەکراوە، ئەم چەند ساڵەی قەیران ئەوەی هەبوە لە بودجەی پایەتەختی ڕۆشنبیری دابینکراوە و بودجەکەی هەر لەوێ بۆ بەستراوە و خەرجکراوە.

## هەیکەلی بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری وهونەری گەرمیان

| زنجیرە | فەرمانگە | ئیدارەو پارێزگا |
|---|---|---|
| ١ | فەرمانگەکانی بەڕێوبەرایەتی ڕۆشبیری و هونەری لە گەرمیان | ئیدارەی گەرمیان |
| ٢ | ڕۆشنبیری و هونەری کفری | ئیدارەی گەرمیان |
| ٣ | فەرمانگەی ڕۆشنبیری و هونەری کەلار | ئیدارەی گەرمیان |
| ٤ | ڕۆشنبیری و هونەری باوەنور | ئیدارەی گەرمیان |
| ٥ | ڕۆشنبیری و هونەری رزگاری | ئیدارەی گەرمیان |
| ٦ | ڕۆشنبیری منداڵانی گەرمیان | ئیدارەی گەرمیان |
| ٧ | هۆبەکانی ڕۆشنبیری مناڵان لە کەلار | ئیدارەی گەرمیان |
| ٨ | هۆبەکانی ڕۆشنبیری مناڵان لە کفری | ئیدارەی گەرمیان |
| ٩ | ڕۆشنبیری و هونەری خانەقین | پارێزگای دیالە |
| ١٠ | ڕۆشنبیری و هونەری دوزخورماتو | پارێزگای سەلاحەدین (تکریت) |
| ١١ | هۆبەکانی ڕۆشنبیری مناڵان لە خانەقین | پارێزگای دیالە |
| ١٢ | هۆبەکانی ڕۆشنبیری مناڵان لە قەرەتەپە | پارێزگای دیالە |

# پێنجەم: دەستی حزب لە کەرتی هونەر دا

## ١. لێکەوتەکانی حزب لەسەر هونەر

وەزارەتی رۆشنبیری وبەڕێوبەرایەتیە رۆشنبیریەکان نوێنەری حزبەکان بەڕێوەیان دەبەن، هونەرمەندان ئەمە بەخراپ دەزانن و پێشنیاریش دەکەن کە ئەگەر هەر حزبیە، با کەسەکان پسپۆڕی هونەرییان هەبێت یان کارەکتەرە هونەریەکان ئەو بوارە ئیدارە بدەن.

مەحمود شێخ وەهاب، گۆرانیبێژ، دەڵێت: وەزارەتی رۆشنبیری و بەڕێوبەرایەتیەکانی پێویستە بەشێنەیی لە حزبی بون دوربخرێنەوە، ئەگەریش هەر بەش بەشی حزبی ئەکەن کەسێک بهێنن دڵسۆزی هونەربێت یاخود خۆی هونەرمەندبێت نەوەک تەنها کەسێک دابنێن، چونکە گوێڕایەڵی خۆیانە.

هونەرمەندان دەڵێن تەنانەت ئەگەر سەر بە حزبەکان نەبن، پشتگوێ دەخرێن.

شوان جەلال، دەڵێت: ئەگەر لە حزبێک نەبین پشتگوێ دەخرێین، حکومەتیش شاگردی حزبە، حزب دەستی گرتوە بەسەر هەمو شتێک لەکاتێکدا دەبێت ئامرازێک بێت، بەڵام ئەگەر ئابونەدەریان نەبیت هیچ گرنگیەکت نیە و گرنگ نیە لەلایان هونەر چیە و چی نیە.

محەمەد سابیر، هەمان بۆچونی هەیە و وتی: ئەگەر بەڕێوبەرێک یەکێتی بێت زیاتر کار بۆ ئەو لایەنە دەکات، یان پارتی بێت بەهەمان شێوە، تەنانەت کە بەڕێوبەری رۆشبیری لێرە درا بە یەکگرتوە بوبوە جێگەی باس کە دەبێت هەمومان قورئان لەبەربکەین.

ئەم قسانەش دوای ئەوەهاتوە کە بەڕێوبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان لە پشکی یەکگرتوی ئیسلامیە و وەک بەرکەوتەیەکی سیاسی ئەو پۆستە بەو حزبە دراوە و بەربژێرەکەشیان هیچ پێشینەیەکی هونەریی نیە.

ئاکۆ یوسف، لەبارەی وەرگرتنی پۆستی بەرێوبەری رۆشنبیرییەوە ئاماژەی بەوەکرد، بەویستی خۆی سیڤیم بۆ ئەو پۆستە پڕکردوەتەوە. وتیشی: «راستە هونەرمەند نیم، بەڵام باکگراوەندێکی رۆشنبیری و میدیایی و رێکخراوەیم هەیە و حەزمم بە ئیشەکەشە، بۆ ئەوەش نەهاتوم تا هەتایە لێرەبم، شانازی دەکەم لەسەر لیستی یەکگرتوی ئیسلامی ئەم پۆستەم وەرگرتوە و هیچ بە عەیبەی نازانم».

وتیشی: فیلم و شانۆ و شیعر و ئەدەب بەشێکن لە ژیان، ئەگەر زۆر قوڵی بکەینەوە هونەر بەشێکە لە دین، جوانکاری تیایە و لەهەمان کاتیش دا قورئان پڕە لە جوانکاری و بەلاغە، پێم سەیر بو ئەو پرسیارانەم لێدەکرا، ئەگەر مەبەستەکە ئەوەبێت ئیسلامی نابێت هونەر بکات هەڵەیە، چونکە ئەگەر ئێمە ئەوەمان نەکردبێت لەبەر ئیسلام ئەوە هەڵەی خۆمانە.



دیمەنی پێشەنگایەکی شێوەکاری لە کفری

## ٢. ناوی بەرپرسی حزبی لە چالاکیە هونەریەکانی گەرمیان دەهێنرێت

لە بەشێکی چالاکیە جۆربەجۆرەکانی هونەری لە گەرمیان ناوی بەرپرسی حزبی دەبنیرێت وەک پاڵپشت، ئەمەش هێندەی دیکە نیشانەی پرسیار لەسەر حکومەت و وەزارەتی رۆشنبیری دادەنێت ئاخۆ ئەمە بەمەبەستە یاخود بێ مەبەست کە حزب و کەسایەتیەکانی دەسەڵاتی داراییان لەسەروی ئەوانەوە بێت.

داود محەمەد، بەرێوبەری پەیمانگای هونەرەجوانەکان، لەمبارەیەوە وتی: «بەڵێ ئێمە بۆ هەندێک چالاکی ئەو پەڕی ناچار دەبین پەنا ببەینە بەر کەسانی حزبی و سیاسی، لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێت چالاکیەکانمان بکەین و حکومەتیش پارەی بۆ خەرج ناکات، بەنمونە بۆ ڤیستیڤاڵێکی زانستی یان هونەری یان دیدارێک دەبێت رەزامەندی سەرەوە وەربگرین، بەڵام هیچ پارەیەکیشی بۆ خەرج ناکرێت، ئەم کارانەش پارەی دەوێت».

وتیشی: لە کاتی دەستبەکاربونمەوە هیچ بڕە پارەیەک بۆ پەیمانگاکە خەرج نەکراوە، تەنها نەسریەی پەیمانگای هونەرەجوانەکانمان هەیە کە ٥٠٠ هەزارە.

لەبارەیساڵانی رابردوش کە پارەهەبوە وتی: «دەکرێت ئەو کەسانە خۆیان وەڵامیان هەبێت، بەڵام رەنگە هەر هۆکار نەبونی دەسەڵات بێت کە وەکپێویست ئیشیان نەکردبێت».

# شەشەم: کێشە و تێبینیە کارگێڕیەکان

## ١. مەرکەزیی بون لە دەسەڵات و کاریگەریەکانی

یەکێک لە کێشەکانی بەردەم بواری هونەری لە گەرمیان دەبەستریتەوە بە نەبونی دەسەڵات لای بەرپرسانی هونەر لە گەرمیان.
ئاکۆ یوسف، وتی: زۆر گرنگە دەسەڵات دابەشبکرێت و شۆڕبکرێتەوە بۆ بەڕێوبەرایەتیەکان.
ئاماژەی بەوەشکرد، رەنگە ئەوەندەی بەڕێوبەرەکان ئاگەداری بارودۆخی ناوچەکانی خۆیانن، وەزیر و وەزارەتەکان روئیای رۆشنیان نەبێت.

بەڕێوبەری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفریش دەڵێت: «دەسەڵاتەکانم هێندە کەمە ناتوانم نوسراوێک بەبێ گەڕانەوە بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتیمان لە هەولێر، ئاڕاستەی رۆشنبیری گەرمیان بکەم، بۆ چالاکیەک دەبێت من نوسراوبکەم و دوایش ئەگەر رەزامەندی بدەن دەڵێن خەرجەکەی ناکەین».
داود محەمەد، دەشڵێت: هەربۆیە من دەسەڵاتی هێنانی مامۆستایەکی وانەبێژم نیە، ئەمەش وایکردوە بەشی موزیک بگاتە ئاستێک مامۆستاکانی بێئومێد ببن و داوای داخستنی بکەن.

## «هونەر جگە لەوەی حەزێکە هیچی دیکەی پێنەبەخشیوم، لە گەرمیان هونەر نەبوە بە پیشە»

### ٢. کۆچ و کێشەی هونەرمەندان لە گەرمیان

هونەرمەندان بەگشتی لە گەرمیان کاری هونەری پیشەیان نیە و لەگەڵ کاری دیکە بەرهەمی هونەریان دەبێت، ئەمەش بە گرفتی گەورە دادەنێن لە بەرەوپێشنەچونیان.
ئەحمەد دلێر، شێوەکارێکی کێشانی وێنەی هێڵکاریە کە پێی دەوترێت «هایپەر ریالیزم»، دەڵێت: هونەر کە جگە لەوەی حەزێکە هیچی دیکەی پێنەبەخشیوم، لە گەرمیان هونەر نەبوە بە پیشە.
محەمەد سابیر، وتی: من لە بەڕێوبەرایەتی کارەبا فەرمانبەرم، هونەرمەندانی دیکەش بەهەمان شێوەن، لەبەر ئەوەی هونەرەکە کەس ناژێنێت لێرە.
لە بەرامبەردا خانمانی شێوەکار جیاوازتر دەڕواننە کارەکانیان، هەروەک گوڵاڵە حەمید، سەرۆکی گروپی کیژانی شێوەکاری کفری، دەڵێت: خاوەنی چەندین کارو چالاکین لەسەرئاستی کوردستان و عێراق، سودی مادی زۆر باش وەردەگرن لەفرۆشتنی تابلۆکانیان.
«بەرهەمی باش بینەری باشی هەیە»، ئەمە قسەی سەربەست ئەحمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیانە.
ئەو دەشڵێت: دەبێت هونەرمەند خۆی بسەلمێنیت بۆ ئەوەی کارەکەی بکاتە پیشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێویستمان بەوەیە لە پەرلەمانەوە رێکخستنەوەیەک بۆ کاری هونەری بکرێت، تەنانەت فەرمانبەرانی وەزارەتی رۆشنبیری و هونەری گرفتی کەمی موچەیان هەیە.

### ٣. «کایەی هونەر نە پلانی بۆ دانراوە نەژێرخانێکی هەیە»

ئەوانەی لە بوارەکە کاردەکەن یاخود چالاکی ئەنجام دەدەن جەخت دەکەنەوە بێپلانی، هونەری لە ناوچەکە گەیاندوە بەم ئاستە، رۆژانێک پارەیەکی زۆر لە کۆمەڵێک چالاکی بەهەدەردران کە دەکرا بونیادی هونەری ناوچەکەی پێبکرایە.
نەبەز حەمید، بەڕێوبەری سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار، کە لەبوارەی هونەری چەندین چالاکیان هەبوە، دەڵێت: لەساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١ ئەوەندەی ئێمە ئاگەداربین بڕە پارەیەکی زۆرباش بۆ گەرمیان دیاریکرا، دەبوایە بناغەیەکی هونەری پێ دابنرایە، بەڵام لە کۆمەڵێک چالاکی کە پێویست نەبون بەهەدەر دران، لەوانە ئەنجامدانی فیستیڤاڵی کەلتوری گەلان و هاوشێوەکانی کە سەدان ملیۆن دیناری تێچو، کەچی هیچ بناغەیەکی هونەری و موزیکی دروست نەکرد، ئەوان بیر لە بناغە ناکەنەوە، دێن چالاکی دەکەن لەبری ئەوە دەکرا بدرایە بە چەند راهێنەرێک ئێستا دەیان کەسیان پێگەیاندبو، یان بدرایە بە هۆڵی شانۆ و گەلەری.
بەپێی زانیاریەکانی یەکەی چاودێری کە لەسەرچاوەی فەرمی و تایبەت دەستی کەوتوە، فیستیڤاڵی کەلتوری گەلان کە لە ساڵی (٢٠١٠) ئەنجام درا، بڕی (٤٩٨٠٠٠٠٠٠) چوارسەد و نەوەدو هەشت ملیۆن دیناری تێچوە.
سەربەست ئەحمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی رۆشنبیری هونەری گەرمیان، لە بەرامبەردا دەڵێت: ئەوە یەکێک بوە لە کارە زۆر باشەکان، چونکە هونەر کلتور و نەتەوە دەپارێزێت لە چەندین وڵاتەوە گروپی کلتوری هاتبو کە ئێستاش کەلار لە گروپەکانی بەشێک لەو وڵاتانە ئەندامە.

## ٤. كارمەندی ئیداری بەڕێوەبەرایەتی هونەر بەڕێوەدەبەن

ئەگەرچی بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان وەک نوێنەری هونەرمەندانە، هونەرمەندان دەڵێن «کەسانی ئیداری بەڕێوەی دەبەن و نەبوەتە پاڵپشتی ئێمە، چونکە ئەوانەی لەوێن لە ئێمە تێناگەن»، بەڕێوبەری رۆشنبیریش هۆکارەکە دەبەستێتەوە بەکۆنەوە و دەڵێت: «ئەو کاتەی کە دامەزراندن کراوە لەسەر بنەمای پسپۆریی نەبوە».

محەمەد سابیر، شانۆکار، رایوایە ئاستی بەڕێوبەرایەتیەکەی گەرمیان لاوازە و دەشڵێت: «بەڕێوبەرایەتیەکی گەورە کارمەندی کارگێری و ئایتی و باخەوانی هەیە، کە باسی دەق و شانۆ بکە وادەزانن گوێز دەژمێریت».

«لەناو رۆشنبیری گەرمیان کەسێک نەبێت لە موزیک بزانێت چاوەڕێی چی لێدەکرێت!؟». موزیکژەن: بابان ئیبراهیم، وادەڵێت.

لە بەرێوبەرایەتی رۆشنبیری گەرمیان ١٣٥ کارمەندی هەمیشەیی و ٨ کارمەندی گرێبەست هەیە، لەو ژمارەیە (٤٠) هونەرمەند و (١٠٣) کارمەندی ئیدارین.

ئاکۆ یوسف، لە پشکی یەکگرتوی ئیسلامی لە پۆستی بەڕێوبەری رۆشبیری و هونەری گەرمیان لە (٢٠١٥/٥/٢١) دەستبەکاربوە، لەبارەی ئەم گرفتەوە دەڵێت: هەمو بەڕێوبەرایەتیەک پێویستی بە کەسی ئیداری هەیە، بەڵام ئێمە بەشی زۆری کارمەندەکانمان کارگێڕین ئەوانەی هونەرمەندن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام ئەمە نەبوەتە هۆی ئەوەی ئیشەکانمان پەکی بکەوێت، هەندێک جاریش خاڵی بەهێزبوە بۆمان، چونکە ناچاربوین پەیوەندی دروستبکەین لەگەڵ هونەرمەندانی دەرەوەی بەڕێوبەرایەتی.

بەشە هونەرییەکان لە بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان، بریتین لە: (شانۆ، سینەما و شێوەکاری).

لەبەر ئەوەی بە پێی رێنماییەکان دەبێت بەرپرسی بەشەکان هونەرمەندی ئەو بوارە بن، بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان بێبەش بوە لە چەندین بەشی گرنگی هونەری، هەر ئەمەش وایکردوە چەندین لایەنی هونەری لە سنورەکە بگەنە قۆناغێکی لاواز، ئەمەش بە وتەی شارەزایانی بوارەکە.

ئاکۆ یوسف، بەڕێوبەری رۆشبیریش دەڵێت: بۆ چالاکیەکانی ئەو بەشانەی کە نیمانە هونەرمەندان لە دەرەوەی بەڕێوبەرایەتی بانگ دەکەین بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کارەکان بکەن.

شێوەکار، سەردار حەمید، بۆچونی وایە بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەریی گەرمیان جێگەی متمانەی هونەرمەندەکان نیە، دەشڵێت: «تائێستا نەیانتوانیوە هونەرمەندانی گەرمیان کۆبکەنەوە».

## ٥. هونەرمەندانی گەرمیان پەراوێزخراون

«هونەرمەندان نەک یەک دوان یان بەشێک، بەڵکو هەمو هونەر لە گەرمیان بە چەپکێکەوە پشتگوێخراون، چەندین چالاکی گەورە دەبینین نوسراوە بە هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری یان بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیری، تێناگەم بۆچی جیاوازی دەکرێت لە نێوان شوێنەکان ئایا هەمو وەک یەک یەکسان نین؟ ئەو چالاکیانەی بەڕێوبەرایەتی دەڵێت کردومە پێیانم وتوە عەیبەیە ئەوانە ناوی چالاکی هونەری لێبنرێت». ئەمە قسەی محەمەد سابیر، ئەکتەر و دەرهێنەری شانۆییە.

دەشڵێت: بەشێکی پەیوەندی بە ئەکتەرەکانیشەوەیە کە خۆ رۆشنبیرکردن و پێگەیاندنیان بۆ خودی خۆیان و کارەکانیان نیە.

هونەرمەندان جەختدەکەنەوە کە کۆدەنگیان هەیە و پەیامیان ناردوە بۆ وەزارەت و ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٢٠١٩ لە هەمبەر پەراوێزخستنیان گردبونەوەیان ئەنجامداوە.

شوان جەلال، دەڵێت: دوای نارەزایەتیەکان ئەوەبو دیدارێکی هونەریی لە گەرمیان ئەنجامدرا، چونکە لە گەرمیان هونەرمەندی زۆر بەتوانامان هەیە، بەڵام پشتگوێخستن وایکردوە هەنگاو نەنێن، لەسەر ئاستی جیهانی خەڵاتمان هەیە، حکومەتی کوردی زۆر هەژارە بەرامبەر هونەر.

## ٦. هۆڵە هونەریەکانی گەرمیان بۆ کاری هونەری نەگونجاون

هونەرمەندان لە بواری (نواندن، موزیک و گۆرانی، شێوەکاری) هۆڵ و شوێنی نمایشەکان و کارکردنیان بە گرفت دەژمێرن. بەوەی هۆڵەکان بۆکارەکانیان نەگونجاوە لە روی کوالێتی دەنگ، روناکی، شوێنی بینەر، ستەیج، تەنانەت روبەر بۆ نمایشی تابلۆ پەیکەرو سیرامیکیش نیە لە هۆڵەکان.

لە بەرامبەردا سەربەست ئەحمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان دەڵێت: تەنها هۆڵی هونەر لە کەلار بە کوالیتیەکی باش دەتوانرێت کارە هونەریەکانی تێدا ئەنجام بدرێت، سەرجەم هۆڵەکانی دیکە تایبەتمەندیان بۆ کارە هونەریەکان تێدا نیە، چونکە هۆڵەکان فلاتن، گرفتی ئینارەو دەنگیان هەیە.

لە بارەی هەوڵەکانیشیان بۆ چارەسەرکردنی گرفتی هۆڵ بۆ نمایشە هونەریەکان وتی: پێشنیارم کرد هاوکاری بکرێین بۆ ئەوەی هۆڵی بۆنەکان لە کەلار دیزاینەکەی بگۆڕێین تایبەتمەندی هۆڵی نمایشی هونەری بۆ زیاد بکەین بەڵام بە هۆی خەرجنەکردنی پارەوە نەکرا.

بەڕێوبەری گشتی رۆشنبیری وهونەری گەرمیان دەڵێت: بەفەرمی ئێمە خاوەنی ٣ هۆڵین کە دوانیان لە کەلارن و یەکیان لە قەزای کفریە، بەڵام لە ناو بینای بەڕێوبەرایەتی و سەنتەرو فەرمانگەکانمان هۆڵ هەیە بۆ نمایشکردن.

ئاکۆ یوسف، وتیشی: «وەکو بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیری و وەک هونەرمەندانیش زۆر لەوە بەهێزتربوین کوالێتی هۆڵ کاریگەریمان لەسەر دروست بکات، هۆڵ چۆن بوە شانۆمان نمایشکردوە، پێشەنگامان کردوەتەوە، لە ئێستاشدا گرفتی هۆڵمان نەماوە هۆڵی هونەر بەردەستە.

### ٠٧ هونەرمەندان: پێویستمان بە پلانی بەهێزی حکومەت دەبێت

شوان جەلال، شانۆکار، باس لەوەدەکات گروپە شانۆییەکەیان لە چەند ساڵێکی کەمدا دە بەرهەمی شانۆییان هەبوە، کەچی حکومەت ناتوانێت ئەو کارە بکات.

دەڵێت: ئێمە لە ئاستی تاکەکەسی کاردەکەین، چەند بەهێز بین ئەگەر حکومەت پلانێکی تۆکمە بۆ ئەمە دانەڕێژێت ئەوە کاریگەری ئەوتۆی نابێت.



نمایشکرنی فیلمی سینمایی لە چایخانەی میللەت لە کەلار

## حەوتەم: خوێندنەوەیەک بۆ چالاکیەکانی بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان

### ١. ئاماری چالاکیەکانی هونەری و رۆشنبیری بۆ ساڵی ٢٠١٩

| ژمارەی جۆری چالاکی | چالاکی هونەری و رۆشنبیری | چالاکی دیکە |
|---|---|---|
| 536 | 97 | 439 |

**تێبینی:**

چالاکی هونەری و رۆشنبیری پێکهاتوە لە: (دیداری هونەری، ڤیستیڤاڵ، دیواربەندی هونەری، پانێڵ، شیعر، خول، میوزیک، فۆتۆگرافی، شێوەکاری، نمایشکردنی سینەما، گۆرانی، شانۆ، ناساندنی کتێب و دابەشکردنی، سیمینار).

چالاکی دیکە پێکهاتوە لە: (سەردان، پرسە، دابینکردنی هۆڵ، بەسەرکردنەوە، بەخشینی مۆڵەت بە گروپ، بەشداری چالاکی دەزگاکانی دیکە، ریزلێنان، وتار، پێشوازی، لێدوان و چاوپێکەوتن، پیرۆزبای و سەردان...هیتر).

# هەشتەم: کێشەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان

## ١. «بیناکەی کوالێتی تایبەتی بە هونەرەکانی موزیک و شانۆ بەشەکانی دیکە نیە»

پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری لە ساڵی (٢٠٠١) کراوەتەوە، تاکە ناوەندی فەرمیی ئەکادیمی پێگەیاندنی هونەرییە لە گەرمیان. پەیمانگاکە لە سێ بەشی: شێوەکاری (نیگارکێشان و پەیکەرسازی)، شانۆ (نواندن) و موزیک پێکدێت.

ئەم پەیمانگایە هەڵگری زۆر کێشە و کەموکورتیە. بیناکەی کوالێتی تایبەتی بە هونەرەکانی موزیک و شانۆ بەشەکانی دیکە نیە، چونکە لە بنەڕەتدا دو بینای باخچەی ساوایان و پیشەسازی بوە و کراوەتە پەیمانگا.

داود محەمەد، بەڕێوبەری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری، دەڵێت: ساڵانی رابردو وەک «پینەکردن» چەند هۆڵێکی تێدا دروستکراوە، ئەمەش کاریگەری کردوەتە سەر خوێندنە کردارییەکان (عملی)، بەڵام تاڕادەیەک کەشێکی هونەریمان تێدا رەخساندوە.

وتیشی: بەشی شانۆ تەنها نواندنی تێدا دەخوێندرێت بەهۆی نەبونی پسپۆڕی نەتوانراوە ماوەی بیست ساڵە بەشی دەرهێنانی تێدا بکرێتەوە، ئەگەر ئەو پێداویستیانەی کە دەمانەوێت دابینبکرێت پێموایە گرنگ نیە بەشی دیکەی تێدا بکرێتەوە، بەڵکو بۆ ئێستا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەموکورتیەکان چارەسەر بکەین.




## ٢. بۆچی پەیمانگای هونەرەجوانەکان رەنگدانەوەی لە گەرمیان نیە؟

مامۆستایەکی پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئاماژە بەوەدەکات بەهۆی ئەوەی بەشێکی خوێندکارانی ئەو پەیمانگایە بە تەکلیف و واستە وەردەگیرێن، بۆیە نەبونەتە هۆی پێشکەوتنی کەرتی هونەر لە سنورەکە. بەڕێوبەری پەیمانگاکەش بەپێچەوانەوە پێیوایە رۆڵی باشیان گێڕاوە، بەڵام بەهۆی گرفتەکانیان نەیانتوانیوە لە جێگەی چاوەڕانی دا بن.

سەردار حەمید، شێوەکار و مامۆستای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری، باسی لەوەکرد: «هەندێک خوێندکار ساڵانە بە تەکلیف وەردەگیرێن دواتریش هەر بەوشێوەیە تەواوی دەکەن، خۆم شاهیدی ئەوەم لە هەڵسەنگاندنی ساڵانە چەندین کەس هەبوە ئاستی زۆر باشتر بوە لە یەکێکی دیکە، کەچی وەرنەگیراوە، یان خوێندکار وەک بەشێکی ئاسان هەڵی دەبژێرێت، ساڵانە ژمارەیەک فێرخواز بڕوانامە وەردەگرن، دەپرسم کوا بۆچی نایان بینین؟ ئەمە دەرخەری ئەوەیە لەو ژمارەیە رەنگە ٣ بۆ ٤ خوێندکاریان بەهرەمەندبن و پەرە بەکارەکەیان دەدەن، بەڵام سەیری ئەوانی دیکە دەکەن ژیانیان لەمان باشترە کە کارەکە ناکەن ئەمانیش وازدەهێنن».

هاوکات شانۆکار: شوان جەلال، دەپرسێت: کوا بەشە سینەماییەکان؟ کوا پسپۆڕییە هونەریەکان؟ پەیمانگای هونەرەجوانەکان تائێستا بەشی زۆری مامۆستاکانی توانای وانەوتنەوەیان نیە.

بەپێچەوانەوە، بەڕێوبەری پەیمانگاکە دەڵێت: بەشێکی گەورەی سەروەری هونەر لەگەرمیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پەیمانگایە و ٨٠٪ی هونەرمەندانی گەرمیان لێرە خوێندویانە، بەڵام ئەمە لە جێگەی چاوەڕوانی خەڵکی گەرمیان نەبوە.

# بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. بەگشتی کایەی هونەر لە گەرمیان چالاکە، بەڵام کوالێتی کارە هونەرییەکان بە وتەی خودی هونەرمەندان، نەگەیشتووەتە ئاستێکی باڵا، ئەمەش بەهۆکاری چەندین فاکتەر، لەنێویشیاندا لاوازیی پشتگیریی حکومەت بەتایبەتی لە روی نەبونی روئیا و ستراتیژێکی رون و ئامانجدار بۆ ئەم بوارە.

٢. ژێرخانی هونەریی گەرمیان، کەموکورتیی زۆرە، بەتایبەتی لە روی بینا و هۆڵەوە، بۆنمونە هۆڵەکانی شانۆ جگە لە یەک دانەیان، ئەوانی دیکە تایبەتمەندیی هۆڵی هونەرییان تێدا نیە. هەرچی هۆڵی نمایشی شێوەکاریشە بەهەمانشێوە هیچ هۆڵێکی گونجاوی نیە، میوزیکیش بەهەمانشێوە، بەتایبەتیش هیچ ستۆدیۆیەک کە ئەگەر کوالێتیەکەیشی بەرز نەبێت، لە سنورەکەدا بونی نیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی هیچ ستراتیژ و پلانێکی دورمەودای هونەریی لەلایەن حکومەتەوە، کەبەبێ هەژمارکردن، بودجەی بە هۆڵ و بابەتی ناپێویست و ناپرۆفیشناڵەوە خەرج کردوە.

### زیاتر لە هونەرەکانی تر، هونەری میوزیک لەگەرمیان پەرِاگەندە و ناڕێکخراوە

٣. زیاتر لە هونەرەکانی تر، هونەری میوزیک لەگەرمیان پەراگەندە و ناڕێکخراوە، چونکە لە روی شانۆوە دەستپێشخەریی جیاواز و تاڕادەیەک بەرفراوان بونی هەیە، بەنیسبەت شێوەکارییشەوە بەهەمانشێوە، بەڵام لە روی مۆزیکەوە، ژمارەی تیپ و هەروەها ئاست و پرۆفیشناڵێتی، سنوردار و لاوازە. لەم روەشەوە هەست بەوەناکرێت حکومەت هەنگاوی پێویستی نابێت و هەوڵی برەوپێدانی بەم بوارەی دابێت.

٤. یەکێک لەو بوارانەی کە قەیرانی دارایی هەرێم گوزی بەرخستوە، هونەرە، ئەمەش وایکردوە کە ئەو پاڵپشتیەی حکومەت پێشتر بۆ ئەم کەرتە دەیکرد نەمێنێت، بەتایبەتی لە قۆناغی بەڕێوبەری ئێستای بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان، لە دەمێک دا دەستبەکار بوە کە قەیرانی دارایی هەبوە. بەکاریگەریی ئەم قەیرانەش، بودجە و نەسریەی مانگانەی بەڕێوبەرایەتیەکە بەرادەیەک کەمە کە تەنها دەتوانێت پێداویستیە کارگێڕیەکانی بەڕێوبەرایەتیەکە پڕ بکاتەوە.

٥. پێکهاتەی بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان، بەزۆری لە فەرمانبەری نا پسپۆڕ و ناشارەزا لە هونەر پێکهاتوە، بەڵکو زۆرینەی رەهایان کەسانی هونەریی نین و فەرمانبەری ئیدارین و هیچ پێشینەیەکی کاری هونەرییان نیە، لەنێویشیان دا بەڕێوبەری گشتی.

٦. ئەم کەرتەش وەکو هەموو کەرتەکانی تر، دەستی حزب تیایدا بڵاوە، چ لە روی فەرمیەوە کە فەرمانگەی پەیوەندیدار لەنێوان حزبەکان وەک بەرکەوتە دابەش دەکرێت، چ لە روی رۆڵگێڕان تیایدا، بەتایبەتی بەهۆی ئەو بۆشاییەی کە قەیرانی دارایی و کەمبونەوەی پاڵپشتی حکومی دروستیکردوە، حزب ئەمە دەقۆزێتەوە و دەستوەردەدات.

**پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری تاکە ناوەندی ئەکادیمییە لە سنورەکە، بەڵام نە رۆڵی هەیە، نە گرنگیشی پێدەدرێت**

٧. وەک زۆرینەی بوارەکانی تر، لە بوارە فەرمیەکەدا مەرکەزیەتێک هەیە لە بریاردان لە بواری هونەریشدا، بەوپێیەی هەمو دەسەڵاتێک لەلای بەڕێوبەرایەتی گەرمیان بونی نیە و دەسەڵاتیان سنوردارە. هەرچی وەزارەتی رۆشنبیرییشە، هەست بەوەناکرێت هیچ پلانێکی نزیک و دوری هەبێت بۆ کەرتی هونەر لە گەرمیان.

٨. لەکاتێکدا پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری تاکە ناوەندی ئەکادیمیی فەرمییە لە سنورەکە، بەڵام بەشی پێویست نە رۆڵی هەیە، نە گرنگیشی پێدەدرێت، ئەمەش وادەکات لە پرۆسەی دروستکردنی کادیری پرۆفیشناڵ دا لەچاو ئەو چاوەڕوانیەدا نەبێت کە لێی دەکرێت.

٩. ئەو هاوکارییەی بۆ هونەرمەندان و گروپ و کاری هونەریی هەیە لە لایەن حکومەتەوە، لاوازە، بەڕادەیەک هونەرمەندان بە «سوکایەتی» ناوی دەبەن. هەروەک کاری هونەرییش وەک زۆرێک لە ناوچەکانی تر، لەگەرمیانیش نەبوە بە پیشە و سەرچاوەی بژێویی، ئەمەش وادەکات هونەرمەندان هەمو تەرکیز و کاریان لەسەر هونەرەکەیان نەبێت و بۆ بژێوییان کاری دیکە بکەن.

١٠. لە رابردودا حکومەت لە بری دروستکردنی ژێرخانی هونەریی کە بتوانرێت بۆ داهاتوش ببێت بە بنەمایەکی بەهێز بۆ هونەر لە ناوچەکە، پارە و بودجەی لە هەندێک پرۆژەدا خەرج کردوە، کە هەم بری پارەکە زۆر بوە، هەم چالاکیەکەش ئەو سود و لێکەوتە ئیجابییەی نەبوە «لەنمونەی فیستیڤاڵی کەلتوریی گەلان»، هەروەک لەکاتێکدا ناوچەکە لە روی بونیادی هونەرییەوە لاواز و هەژارە، نەدەبو ئەو پارە زۆرانە بۆ ئەو پرۆژە کەم سودانە خەرج بکرانایە.

## دوەم: راسپاردە

١. بەمەبەستی برەودان بە کایەی هونەر و بەرزکردنەوەی ئاست و کوالێتی کاری هونەریی، ئەنجامدانی کۆنفرانسێک بە گونجاو و پێویست دەزانین، بۆ ئەوەی لە رێگەیەوە حکومەت و سەندیکا و هونەرمەندان، پێکەوە گفتوگۆ بکەن لەبارەی ئەوەی چی بکرێت بۆ بواری هونەر و چەند هەنگاوێکی کرداریی بنێن بۆ برەودان بە بوارەکە.

٢. بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ژێرخانی هونەریی ناوچەکە و دەرخستنی کەموکورتیەکان، پێشنیاز دەکەین بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان، بە هاوکاری دەزگاکانی دیکەی حکومەت و هەروەها سەندیکای هونەرمەندان و هونەرمەندە سەربەخۆکان، لیژنەیەک دروست بکات و پێکەوە راپۆرتێک ئامادە بکەن، کە تیایدا رادە و ئاستی ئەو ژێرخانە بخەملێنن و ئەو بوارانەش دەستنیشان بکەن کە پێویستە کاریان تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی لە داهاتودا و لەکاتی نەمانی قەیرانی دارایی و بونی بودجەی پێویست دا، کاریان لەسەر بکرێت بەپێی گرنگیی و پێویستییان.

٣. ئێمە پێمانوایە کاری دروست ئەوەیە کە حکومەت لە بواری هونەردا پاڵپشت بێت و هونەرمەندان خۆیان سەربەخۆ بن و لە برەودان بە بوارەکە لەپێشەوە بن، بەڵام حکومەت دەتوانێت هەندێک هەنگاو بنێت بۆ باشترکردنی بوارەکە، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە کەموکورتیەکانی زەق و دیارن، لە نمونەی مۆزیک و سینەما، ئەویش چ لە رێگەی کۆمەکی دارایی بۆ سەرپێخستنی تیپ و دەستە هونەرییەکان، چ لە کردنەوەی کۆرس و خول و ئەنجامدانی سیمینار و کۆڕی تایبەت بۆ برەودان پێیان، یاخود بە فەراهەمکردنی هۆڵ و هەر هۆکارێکی تری لۆجستی.

**حکومەت بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەتوانێت بەشدار بێت لە برەودان بە کەرتی هونەر لە ناوچەکە**

٤. پێویستە حکومەت گرنگیی زیاتر بە گەرمیان بدات و لەم روەوە وەزارەتی رۆشنبیری بڕی نەسریەی مانگانەی بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان زیاد بکات، بەشێوەیەک لەپاڵ کاروبارە کارگێڕیەکان، بەشی ئەوەش بکات کە پاڵپشتی کاری هونەرییش بکات.
لەلایەکی دیکەوە پێویستە حکومەت هانی کەرتی تایبەت و کۆمپانیا و سەرمایەدارەکان بدات و ئاسانکارییان بۆ بکات، چ بە سەرمایەگوزارییکردن و ئەنجامدانی پرۆژەی هونەریی، چ بۆ پاڵپشتی کردنی کار و چالاکی هونەریی.
لەلایەکی دیکەشەوە حکومەت بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ئاسانکارییکردن بۆیان و دروستنەکردنی تەگەرە، دەتوانێت بەشدار بێت لە برەودان بە کەرتی هونەر لە ناوچەکە.

٥. پێویستە پێداچونەوە بە پێکهاتەی بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان دا بکرێت، بەشێوەیەک دەزگایەک بێت کە پێکهاتەکەی بە زۆری کەسانی هونەریی بن، بەو پێیەی ئەوان باشتر گرفتەکانی ئەو بوارە دەزانن و دەشتوانن زیاتر خزمەتی بکەن.

٦. پێویستە دەستی حزب لەم کەرتە بەدور بخرێتەوە، چ لە ئاستی فەرمی و چ لە ئاستی پیشەیی. لە ئاستە فەرمیەکەی دا لە بری دابەشکاریی حزبیی، واباشە ئەم پۆستە بدرێت بە کەسانی بێلایەن کە پسپۆڕی بوارەکان و خاوەنی روئیای دروست و بونیادنەرانەن.

**پێویستە حکومەت جیاکاریی نەکات و فەزڵی ناوچەیەکی تر نەدات بەسە گەرمیان دا لە روی هاوکاریی و دەستگرۆیی هونەرمەندان**

٧. پێویستە حکومەت دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان بدات، ئەویش بەجێبەجێکردنی جۆرێک لە لامەرکەزیەت لە بڕیار و هەروەها دەرفەت دان بە بەڕێوبەرایەتەکە بە ئەنجامدانی کار و چالاکی، بە پشت بەستن بە کۆنفرانس و کۆبونەوەی فراوان لەگەڵ هونەرمەندان.

٨. واپێدەچێت پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری، ئەو رۆڵەی کە دەبێت بیگێڕێت، ناتوانێت بەرجەستەی بکات، ئەمەش بەهۆی ئەو کێشە زۆری بونیادی و ئیدارییانەی کە هەیەتی، حکومەت دەبێت خەمێک لەم پەیمانگایە بخوات، بەتایبەتی کادیری فێرکاری باش و بە ئەزمونی بۆ بهێنێت و کوالێتی پەیمانگاکە بەرز بکاتەوە.

٩. پێویستە حکومەت جیاکاریی نەکات و فەزڵی ناوچەیەکی تر نەدات بەسە گەرمیان دا لە روی هاوکاریی و دەستگرۆیی هونەرمەندان و کاری هونەرییەوە، بەڵکو بەلەبەرچاوگرتنی پێویستیی ناوچەکە، هاوکارییەکانی بۆ ئەم بوارە زیاتر بکات.

١٠. پێشنیاز دەکەین کە حکومەت لەکاتی بەردەستبونی بودجەی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆژە، سەربەخۆیانە بڕیار لە پرۆژەکان نەدات، بەڵکو بە پرس و راوێژ لەگەڵ هونەرمەندان و کەسانی ئەکادیمی ئەو کارە بکات، پارەکەش لە بری بەخەرجدانی لە چالاکی کەم سود و نمایش ئاسا دا، لەو پرۆژانە خەرج بکرێن کە سودی ماوە درێژیان بۆ کەرتی هونەری سنورەکە دەبێت.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکـی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشـتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیـان ئەنجـام دەدات بەمەبەسـتی پـەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـا بـرەودان بە پرۆسـەی چاودێرییکردن و شـەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

※ ئامانجی یەکە
١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروسـتکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروسـتکردنی فشـار بـۆ ئەنجامدانی پـرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشـەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

※ ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. ئەحمەد حەمید وەلی
٢. زریان محەمەد
٣. رێناس ساڵح

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodang.org